عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) سەبارەت بە کاری هەواڵگری و سازدانی: دەنگەکان

کورتەیەک بە ناساندنی هەواڵگری :

هەواڵگری دیاردەی بوونەکی مێژوویی و جیهانیی هەیە، هەرچەندە زۆر جار ناوەندگیری سەردەمی سەرهەڵدانەکەی خۆی گرتووە؛ هەندێک جار وەک خزمەتکیی ئایینی گروپێ ئایینی و نەتەوەییەکان دەرکەوتووە و هەندێک جار وەک خزمەتکیی خەڵکی و گوندەکان دەرکەوتووە و هەندێک جاریش وەک خزمەتگوزارییەکی کۆمەڵایەتی هاوچەرخەکان لە سەردەمی جەنگەکان و قاتوقڕیی وشکەساڵییەکان دەرکەوتووە، بەڵام لەنێو هەموو سەردەمەکان هەواڵگری و بیرکەوە و ئاوەزی ژیانی هەواڵگریی بەجۆرێک بوونی هەبووە .

لەنێو ئەم نەژگارەش لە هەرەمی کوردستان خۆریکە لەنێو دەروونی قەیرانە ئابووریی و کولتووریی و مەعریفیی و ئامیاریی و جەنگیی-سەربازییەکان بەجۆرێک هەواڵگریەکان و بیرکەی هەواڵگری کۆمەڵایەتیی وەک ئەگەرناتیڤێک خۆی دەردەخاتەوە. سایتی دەنگەکان وەک بەندگەی دەنگە نەشنەبیر و نەخنەگر و ناسازی و بەهەڵوەستەکان بە نەشنایی خستنەسەر مێژووی بزووتنەوە و بیرکە هەواڵگریەکان لە هەرەمی کوردستان و ناوچەکە ئەم تەوەرەیی بە گفتگۆ و لێدوان لەو بارەوە کردووەتەوە، بە هیوای سەرهەڵدان و دروستبوون و دروستکردنی دیالۆگ و لێدوانیی جەماوەریی و کۆمەڵایەتیی لەبارەی هەواڵگری و بزووتنەوەی هەواڵگری وەک ئەگەرناتیف.

پرسیار : سەرەتا ئاگەر بکرێت کورتەیەک لەبارەی ئابووردووی چالاکی خۆت و ئاراستەی بیرکردنەوەت بە خوێنەران بگەیتەوە؟

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : لە ڕابردووەوە بەتایبەتی لە دەیەی هەشتاکان لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمنیست کارم کردووە و بە ماوەی سێ ساڵ یانزە ژمارەم لە گۆڤاری (ئاڵەر)مان دەرکرد. لێدوای ڕاپەڕینیش لە بزووتنەوەی شورایی کوردستان چالاک بووم بەتایبەتیش لە مەکتەبی شورا کرێکارییەکانی شاری هەولێر. دوای ڕاپەڕینیش یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکارانی لە کوردستان و هەروەها ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان بووم لە هەولێر. کاتێکیش لە

تورکیا بووم بەرپرسی کۆمیتەی هاوپشتی کرێکاریی بووم و کۆ چووم دەرەوەش لە گۆڤاری هانا هەردوو خولەکەی چالاکانە کارم کردووە و کار دەکەم.

پرسیار : بزووتنەوەی هەڤاڵزی" ئەم دەستەواژەیە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت ؟

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : بزووتنەوەی هەڤاڵزی بزووتنەوەیەکە کە کاری هەڤاڵزی خەبەخشانە ئەنجام دەدات. دەست بە کارانە دەبات کە پەویستین و دەسەاتی لەکاڵی یان ناوەند ناتوانێ یان ناپژێتە سەریان. بەڵام بەبەوای من لە کوردستان شتێک نییە ناوی بزووتنەوەی هەڤاڵزی بێت. ئەوەی هەیە دەستپەشکەری چەند ئینسانێکی خەمخۆر و ئینسان دەستن بە خزمەتکردنی مرۆڤەکان لە دەڤەرێکی دیاریکراو. کاتێک دەتوانین ناوی بزووتنەوەی لە بنەین کە هاوشێوەی ئەم دەستپەشکەرییە لە گۆشە و کەنارەکانی کەمەگە بوونیان هەبێت، کە ئەستا بوونیان نییە. بەڵام دەتوانین بە سەرەتایەکی دابنەین بۆ جۆکەوتە بوونی شەوازێک لە کارکردن بۆ قازانجی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش. ئەم شەوازە لە کارکردن گۆڕ بۆ ئاسۆ و تەروانینێکی ئینسانی بارگاوی بێت ئەوا بۆ دەنییایی دەتوانێ سوود بەخش بێت و بەپێچەوانەوە گۆڕ بارگاوی نەبێت بۆ ئاسۆ و تەوانینە پشکەوتووخوازەوە ئەوا دەست نەبردن بۆی باشترە.

پرسیار : بۆ بەچوونی تۆ هەڤاڵزییەکان ئامرازی ئیفڕمکردن یان ئەڵتەرناتیڤن؟

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ) : پرسیارێکی زۆر گشتیگیر و ناوونێ. کام هەڤاڵزییەکان؟ لە کوێدا؟ لە چ بگەیەکی مێژوویی؟ کوردستان لەم چارەکە سەدەیەی ئابردوو بەهەی برودەخی سیاسیی ناهەمواریەوە نەک زەمینەی کاری هەڤاڵزی خۆش نەکردوە، بەڵکو بووە هەی فەوتان و مردنی هەر هەوڵێکی دەستجەمعی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. لەبەر ئەوە پرسیارەکەی بەڵێزتان هیچ پەیوەندییەکی بە کوردستانەوە نییە. ئەگەر وەک پرسیارێکی موجەردیش وەریبگرین و هەوە بدەین لە سیاقی مێژوودا بیبینین و وەڵامی بدەینەوە دەتوانین بڵین کە ڵکخراوە هەڤاڵزییەکان کە کاری هەڤاڵزییان کردووە نە ئیفڕم بوونە و نە ئەلتەرناتیف، بەڵکو جۆرێک لە بەرگریی و بەدەستهێنانی خۆاگیریی بووە لە بەرامبەر فشاری ئابووری چینە باڵا دەستەکان. چونکە ئیفڕم و ئەلتەرناتیف دوو دەستەواژەی سیاسیین و لە قاموسی سیاسیدا مانای تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە هیچ جۆرێک ناتوانن وەک

کایەک بە باڵای کاری هەڕەوزیدا ببەدرێن.

پرسیار : بە پشتبەستن بە کامە بنەما و ئەزموون هەڕەوزییەکان دەخرێنە خانەی ئامانجی بزووتنەوەی ئیفەرمیستی یان خزمەتکردن بە مانەوەی سیستەمە چینایەتییەکە ؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئەم بزووتنەوە هەڕەوزیانە گەرچی تابعەکی سیاسییان هەیە بەڵام لە جەوهەردا کردەی سیاسیی نین. واتە ئامانج لەم بزووتنەوانە هەڵگیرساندنی شەڕش و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی نییە لە کەمەڵگە. ئەم بزووتنەوانە هەوڵ دەدەن لە بەرامبەر فشار و بەربەریەتی چینایەتی دەسەڵاتی بەرژوازی کارەک بکەن کە ببەتە هەی سووککردنی باری قورسی سەر شانی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکەش. بەڵێ ئامانجەکانی ئەم جەرە بزووتنەوانە ئیفەرمیستین. ئەم ئیفەرمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی بەشمەینەتە نەک مانەوەی سیستمی چینایەتی.

پرسیار : کەسانەک پێیان وایە ئەم کارە هەڕوزیانەی کە لە ناوچەی خانەقین دەستی بە براوە، لە بنچەدا کاری دەسەاتە و دەبەت فشار بە دەسەات ببرێت لە جیاتی کاری هەڕوزی. ئەی ئەوە ئەمە چۆن دەبینن؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئەو کەسانە دروست خاڵیان لەسەر پێتەکان داناوە. ئەوە ئەرکی دەسەاتە و دەبەت بە فشار و خەبات دەسەات بهێنرێتە پای ئەم کارانە، بەڵام لەهەمان کاتتدا کە فشار و خەبات دژ بە دەسەات لەئاستی پێویستدا نەبە، دەستبردن بە کاری هەڕەوزیی پێویستی هەنووکەیی خەی دەسپێنە.

پرسیار : چۆن دەتوانین هەڕەوزییەکان بە ئەتەرناتیف ببینین، ئەو گرانە پەزەتیڤانە چین کە هەڕەوزییەکان وەک هەتکەرەوەی کردەوەیی سیستەمە چینایەتییەکە نیشاندەدەن، چ کاراییەکیان لەسەر خراکردن و بەهەزکردنی هەوتی گەانی کەمەایەتی و کولتووریی و هەشنبیریی گشتی دەبەت ؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : من لە وەڵامی پرسیارەکی پێشوودا وتم کە ئەم کارە هەڕەوزیانە و بینینیان وەک ئەلتەرناتیف و هەتکردنەوەی کردەیی سیستەمی چینایەتی لە جەی خەیدا نییە. واتە لەووی سیاسییەوە ئەو بەدیلە لەەی ئەو کارە هەڕەوزیانەوە مومکین نییە. هاوکات دەبە ئەوەش بەەین کە کاریگەری دەبەت بەسەر ئاستی ئاگایی خەڵکی بەشمەینەت و بردنەپێشەوەی هەشیاری و ناسینی

ژیان و کۆمەڵگە.

پرسیار : چ ئاسۆ و ئامانجێك لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هەڵوەزی لە هەرێمی کوردستان و خەرهەڵاتی ناوین دەبینیت ؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : ئەگەر بزووتنەوەی هەڵوەزی لە هەرێمی کوردستان لە درێژەی ئەم کار و چالاکییانەی ناوچەی خانەقینەوە ببینین و خانەقین بکەین بە چەقی ئەو بزووتنەوە سەتاسەرییە ئەوا تا ئاستێک جێگای دڵخۆشیە. بەڵام ئەم پەلوپۆ هاویشتنە لەم دواییانە ئاسان نییە لە هەرێمی کوردستان چ جای بگات بە خەرهەڵاتی ناوین.

پرسیار : لە ڕووی مێژووییەوە، ئایا بزووتنەوەی هەڵوەزی لە ناوچەی لەدایکبوون و ژیانی خۆت هەبووە یان بۆخۆت تاکو ئێستا لەنەو هەڵوەزییەك ژیاوی ؟

عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ) : نەخێر هیچ ئەزموونیکم لەوبارەوە نەبووە و نییە

پرسیار : ئایا هەروەزییەکان تەنیا ئاووڕکردنی کەمکی کەمایەتین، یان واوتر لەوە دەتوانن ببنە ئەگەرناتیڤی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی باوی بەرجوازییانەی ئێستا؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : نەخێر هەڵوەزییەکان تەنها ئاووڕکردنی کەمکی کەمایەتی نین، ئەم هەڵوەزییانە هەنگاو بە جەگەک بتوانن لە هەلومەرجێکی سیاسی – ئابووری تایبەتدا هێڵی گرنگ بگەن بۆ تایبەتی ئەگەر دۆخەکە قەیرانباوی بێت و هەیجانی کەمایەتی بڕوە بێت.

پرسیار : ئایا هەر ئێستا هیچ ئەزموونکی کردەیی و جەکوتوو یان پڕاکتیکێندوو لە هەرێمی کوردستان و خەرهەڵاتی ناوین دەبینیت ؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : نەخێر هیچ ئەزموونێک نابینم.

پرسیار : چ پێشنیار و وانەیەك، ئەزموونکت هەیە کە بیخەیتە سەر ئەزموونی تاکو ئێستای ئەو هەڵوەزییانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن؟

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) : هەوڵ بدرێت هەڵوەزییەکان لەئەنجامی کەبانەوەی گشتی ناوچە و گەڕەک و شارکانەوە بنە دڕاوە و عەمەلی

بکرێنەوە و لەرەوشی ئەم سونەتی کەبووندەوە گشتییانە ببێتە عەقیدەتی زاڵ بەسەر ژیانی ئینسانەکان. چونکە لەم نەریتە شەشگۆشانەیدا چاودێری جەماوەری دەتە ئاراوە و لەهەمان کاتیشدا هەرگیز گەندەڵیی دروست نابێت.

پرسیار : دوا پرسیاری ئەم جارە، چ پەیام و تێنووێنییەکت بە چالاکانی هەرەوەزییەکان هەیە ؟

عەبدوڵا سەیمان (مەشخەڵ) : دیارە وەک دەستخۆشی لەو چالاکوانانە، هیوادارم بە نۆفەسێکی درێژەوە بتوانن درێژە بەو چالاکییانە بدەن و پەلوپۆی پەبهاون بە ناوچەکانی تر تا لە ئەنجامدا بتوانێ وەکو بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری بەهێز لەسەر پێی خۆی بوەستێ.

شاعیری زەمەنەکان شیعر بە وێناکردنی فیگەر … عەبدوڵا عەبدولموتەلیب

(نەزەند بەگیخانی وەك نموونە)

زەمەن لەو تایتلەدا واتە شیعر بە تێگەیشتنی کلتور وێنای فیگەرە بریندارەکانی دەوروبەری دەکات. واتە کەشفکردنی واقیع بە خەیاڵ. زەمەن لای نەزەند بەگیخانی واتە بە بیرهێنانەوەی مەدیلی دوێنێ کە بە قووڵی لە ناوماندا رووواوە و بۆتە بەشێك لە دنیابینیمان! هەموو ئەو رستانەم بۆ ئەوە نوسی رستەکەی (باکۆن)تان بیر بخەمەوە کە دەڵێ: واقیع کچی زەمەنە! ئەو رستەیەی باکۆن زەمەن وەك شیعر دەبینێ! پرسیار ئەوەیە ئایا زەمەنی شیعر بەردەواميیە یان ساتەوەختییە؟
ئەگەر وەك نەزەند بەگیخانی پێمانوابێ ئەدەب بەردەوامی زەمەن دەگەیەنێت، نەك وەك ئۆگستین قسە لە زەمەن بکات… ئەگەر وەك نەزەند بەگیخانی خەیاڵی شیعری ئاوێزانی بەردەواميیەتی زەمەن بکەین و زەمەنی فیکری ئیبداعی لە بەردەوامیدا بەرجەستە بکەین… ئەگەر ئەدەب رەنگدانەوەی یادەوەری و کلتور و کۆدی دیاریکراوی زەمەنێکی

دیاریکراو نەبێت، ئەگەر زەمەنی ئەدەب زەمەنی بەردەوامی بێت… لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ناتوانین بەو شێوەیە تەماشای پرسەی خوێندنەوە بکەین، چونکە پرسەی خوێندنەوە لە رۆگای جەرەیانی زەمەن بەردەوام رابردوو و داهاتوو لە ساتەوەختی ئێستادا بەیەك دەگەیەنێ. بەو مانایە پرسیاری ئەوەی زەمەن لە ئەدەبدا چییە، ئەگەرچی هەرگیز لە کێشەی ئیبداع و فیکری ئیبداعی نابڕتەوە، بەڵام مەرج نییە بەردەوامی بێت، کەواتە پرسی زەمەن چییە پرسیارێکی پێ کێشەیە و لای شاعیر بە بەردەوامی ئابوقە دەدرێت!

(1)

(هنری برگسۆن لویس) زەمەن (پێشبینیکردن، حَدْس)ی دەیموومەیە، برگسۆن رەهایی لە بەردەواميیدا دەبینێتەوە، پێیوایە بەردەوامی، زەمەنی حەقیقییە.. برگسۆن دەیەوێ بوون لەسەر دەیموومە وێنا بکات. لەبەر ئەوەی (دەیموومە-بەردەوامی) دێ و دەڕوا، بۆیە قبوڵی دابەشبوون و بەش بەشبوون ناکات.. بەردەوامی پێشکەوتنی رابردووە کە داهاتوو بەرهەم دێنێ، هەرچەندە پێشبکەوێت گەورە دەبێت. کەواتە لای برگسۆن جەوهەری ئێستا، رابردووە. ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لای نەزەند بەگیخانی لە کۆمەڵە شیعری (سبەینێی دوێنێ) بە رووڕی دیارە.

(2)

(گاستۆن باشلار) دیموومەی زەمەن بەو مانایەی کە لای برگسۆن هەیە، رەتدەکاتەوە و دەڵێت زەمەن بەیەکەوەلکاو نییە، بەڵکو بەیەکەوەنەلکاوە (متصل نییە، منفصلە).. هەروەها دەڵێ بەهۆی فیکری بەیەکەوەنوساوەوە (متصل) ناتوانین بەشێوەیەکی جەوهەری بەرەو یەکێکی دیکە بگوازینەوە.. ئەگەرچی دەیموومە پێداڕاوی راستەوخۆی ئاگاییە، بەڵام ئەو دیموومەیە دەستەمۆیە، کەواتە ئاگایی لە شارەزایی دەرەکی وەرگیراوە، چ بەهۆی (دابڕان یان بەردەوامی) بێت. بەو مانایەش لای باشلار ئاگاییمان بە زەمەن، ئاگاییە بە ساتەوەخت: زەمەن واقیعی نییە تەنها لە چرکەساتدا نەبێت. کەواتە باشلار لەگەڵ تێزی فەلسەفی (ساتەوەخت/چرکەسات- اللحظة-Instant) و کتێبی (Siloce)ی (گاستۆن ڕۆبنا- Gaston Roupnel) یەکدەگرێتەوە و لە تەواوی کتێبی (حدس اللحظة) پشتگیری لە تێزەکەی ئەو دەکات.

(3)

زەمەن گوزارشت لە بەردەوامی بکات، یان ساتەوەختی… نەزەند بەگیخانی دیدی خۆی لە جوانی و چۆڕ و هونەر و بەهای جوانیدا دەبینێتەوە! زەمەن بەردەوامی بێت، یان ساتەوەختی… نەزەند بەگیخانی هەموو ئەرکی شاعیرانەی خۆی لە ئاشتی و بەها مرۆییەکاندا کۆ دەکاتەوە! زەمەن بەردەوامی بێت، یان گوزارشت لە ساتەوەختی

بکات… نەزەند بەگیخانی بەردەوام لە گفتوگۆی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دادپەروەری نابۆتەوە و وەك فیمنستێك جەخت لە مافی ژنان دەکاتەوە… ئەگەرچی هیچ کتێبکی لەو بارەوە بۆ نەکردۆتەوە، بەڵام کۆی ئەو رەگەزانە لە گفتوگۆکان و شیعرەکانیدا رەنگدانەوەیان هەیە.
هەموو ئەو قسانەم بۆ ئەوە کرد، ئاماژە بە کرانەوەیەکی فیکری و جوانی لە شیعرەکانی نەزەند بەگیخانی بکەم، بەو مانایەش دەتوانم بڵێم دەستبردنی شاعیر بۆ پرسەی نوسینی شیعر ساتەوەختێکی ئیستێتکی و دەستبردنی شاعیر بۆ پرسەی بیرکردنەوە، کرانەوەیەکی دیاریکراوی فیکری لە پشتە، هەردوو ساتەوەختی شیعری و ساتەوەختی بیرکردنەوە لە ئەزموونی نەزەند بەگیخانیدا وەك بنەمایەکی ئەزموونی مرۆیی بەرجەستەیە.
(4)
ئەوەی لە ساتەوەختی پرسەی نوسینی شیعر جێگای تێڕامانی بەردەوامە بیرکردنەوەیە، ئەوە بیرکردنەوەیە هێڵکی تۆخ بە ژێر شیعرییەتدا دەهێنێ، ئەوە بیرکردنەوەیە فەزایەکی هەمەن بۆ بەدواداچوون دەخەمڵێنێ، ئەوە بیرکردنەوەیە مەیل و خەیاڵی خوێندنەوە دەکاتەوە… نەزەند بەگیخانی هەر لە کەمەڵە شیعری (ستایش)ەوە وەڵای کەمەڵە بابەتی واقیعی بایەخی بە شیعرییەت داوە، وەڵای ئەوەی بۆ دەنگی سروشتی وەفادار بووە، کەچی وێناکردنی خەیاڵی و سیحری بینین و بونیادنانی زمانێکی فرە رەهەندی پشتگوێ نەخستووە، هەموو ئەوانەشی لە ڕێگای مەعریفەی شیعرییەوە هێدی هێدی تەختر کردۆتەوە. گەیانەوەی بۆ کەمەڵە بابەتی واقیعی لە ڕێگای خەیاڵەوە خەمڵیووە، بۆ ئەوەی گوزارشت لە ئازارەکان و خەمە مرۆییەکان بکات، لە ڕێگای زمانێکی مرۆیی نەرم و هێمنەوە فرە مانایی و مرۆڤدۆستی وێناکردووە، لە ریگای خەیاڵی زمانەوە فەزایەکی سروشتی و فیکری بۆ شیعرییەت دەخاتەوە! بە کورتی شاعیر بابەتگەرایی و شیعر بەیەکەوە لە ڕێگای چییەتی زمان و ئیشکالیەتی مەعریفی بەرجەستە دەکات، بەمجۆرە ویستی بابەتگەرایی بە مەعریفەی شیعری دەسپێرێ، ویستی مەعریفەی شیعری بۆ بابەتگەرایی دێنێتە بەرهەم. لە ناوان ویستی بابەتگەرایی و ویستی مەعریفی قەسیدەی (پاسیان) بە جوانی خۆی نمایان دەکات، لەو قەسیدەدا دەیەوێ بڵێ ئەوە تێکەبوونە بە مەعریفە، (فەزیلەت) دەخاتەوە، ئەوە تێکەبوونە بە شیعر، (ڕۆشنایی) بەرهەم دەهێنێ، لە ناوان فەزیلەت و ڕۆشنایيدا شیعرییەت فەزایەکە و خوێنەر دەخاتە سەر بیرکردنەوە و تێڕامانی جیاواز… ڕۆشنایی شیعری دەبێتە شوێنی بەردەوامی بیرکردنەوە و لە فەزیلەتدا سەر دەکات، فەزیلەتی بیرکردنەوە دەبێتە شوێنی ساتەوەختی شیعری و

به ڕۆشناییدا بۆی دەبێتەوە… واتە لەو دەقەدا بیرکردنەوە بە پاڕێشتی دوونێ خۆی نمایان دەکات، بەڵام ڕۆشنایی لە خەیاڵی زمان سەر دەکات، بەو مانایەش بیرکردنەوە زەمەنی بەردەوامی دەگەیەنێت و شیعرییەت زەمەنی ساتەوەختی:

دونێ شەو
شیعر
مینا کوێکی زراق
لە کەناری لم
بە ڕووتی ڕاکشابوو
منیش سپیتر لە مەوجی ڕۆشنایی
لەسەر ڕوویا خۆم هەڵخست
دواتر مەلائیکەتێ بەلامدا تێپەڕی و فەرمووی
سەرواتت لێ بێ
ئەی ئەو کەسەی کە پێیت لە فەزیلەت.
(ستایش، ل19)

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

کارنۆڤاڵی مێ لە کۆلێبەردان … ڕزا شوان

یەکێک لە نەریتە فۆلکلۆری و ڕەسەنە خۆشکانی کوردەواریمان لە وەرزی بەهاردا، لە لادێیەکانی باشووری کوردستان دا، پێیان دەوت (مێ لە کۆلێبەردان) کارنۆڤاڵێکی ساناە بوو، کە شوانی مەگەلە مێگەلەکان لە دێیەکانی خەیاندا، بۆ خۆشی سازیان دەکرد. ئەویان نازانم ئایە لە هەموو دەڤەرەکانی تری کوردستان دا، هەمان نەریت هەبووە و کارنۆڤاڵی لەم شێوەیان سازکردوون یان بۆ چەشنێکی تر بووە.. ئەوەی من باسی لێدەکەم (٦٨) ساڵ بەر لە ئێستایە. کە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، دوو جار بۆ چاوی خۆم لە دێی (گۆگجێ) لە ناوچەی (شوان) ی سەر بە پارێزگای کەرکووک، ئەم کارنۆڤاڵەم بینی و وادازنم کە ئێستایە و لە یادم و لە بەرچاومە. دێی گۆگجێ ئەو کاتە زیاتر لە سەد ماڵ دەبوو، زیاتریش لە (٢٥) مەگەڵ مێی

تـدا بوو. بـۆیـە باس لـە دەی گـەڵجـە دەکـەم چونکـە تـەنیا بیـرەوەریی منداڵیی ئـەو دەیـەم دەتـەوێ یـاد. لـە ساڵی (١٩٥٢) دا، کـە تـەمـەنم شـەش سـاڵان بوو بـۆیـەکجاری بارمـان کـرد بـۆ شـاری کـەرکووک.

کـەڵـەبـەڕە چیـیـە و چـۆن لـە گـەڵگـەڵ دا دروست دەکرا؟

شـەش خانووی گـەورە لـە خواروی دێـیـەکـەماندا هـەبوون، کـە دیـوار و پشتیان بـۆیـەکـەوە بـوون، شـەوێـکی بازنـەیـیان پـێکهـێـنابوون، کـە چـەوکـەی نـزیکـەی (٢٥٠) مـەتـر دەبوو.
دارێـکـی ئـەستووری دروزیـان دەهـێـنا، سـەرێـکی دارەکـە لـە زەوی و سـەرەکـەی تـری لـەبـن گـۆسـوانـەی دیـوارێـکی بـەرزی یـەکـێـک لـەو خانـووانـە گیریان دەکـرد، ئـەو سـەرەشی کـە لـە زەوی دا بـوو، نزیکی دوو مـەتـر لـە بنکـەی دیـوارەکـەوە دوور دایـان دەنا، ماوەی نـێـوان بنکـەی دیـوارەکـە و سـەری دارەکـەی سـەر زەوی و دیـوارەکـە و دارەکـە، سـەگـەشـەیـەکی "٩٠" نمرەیـیان پـێکدەهـێـنا. بـە رازانـدەوەش جاجـمـەکی جـوانی رەنگـاوڕەنگیان بـەسـەر دارەکـەدا دەدا، بـەمـەیـان دەوت " کـەڵـەبـەڕە".

کـەی کـەرنـەڤـاڵی مـاڵ لـە کـەڵـەبـەڕەدان دەکـرا ؟

شوانـەکانی ئـەو مـەگـەڵـە مـاڵـانـەی کـە ئـارەزووی بـەشداری کردنیان لـە کـەرنـەڤـاڵی مـەر لـە کـەڵـەبـەڕەدان دەکـرد، لـێ بـەهـاردا لـە مانـگی گـوڵـانـدا ڕەگـەدەکـەوتن لـەسـەر دیاریکـردنی ڕۆژەک، کـە لـە دوای نیـوەڕۆ، مـاڵ لـە کـەڵـەبـەڕە بدەن، بـە زەریـەش ڕۆژەکیان لـە هـەفتـەی چوارەمی مانگی گـوڵـانـدا دیاری دەکردن.. بـۆیـە دوا هـەفـتـەی ئـەم مانگیان هـەڵـدەبـژارد، چونکـە کوشـندەی وەرزی بـەهـارە، کـاتی زەربـوون و بـاڵـاکـردنی گیـا و گـوڵ و دەغـڵ و دانـە.. مـەگـەڵـە مـاڵـەکـان شـەوان دەبـران بـە لـەوەرگـاکـان، دەیـان وت " شـەو بـەکـەو" واتـە مـاڵ شـەو لـە دەشت دەبـوو. تـەر بـە گـەدەیـان گیـایان دەخـوارد.
پـێش نیـوەڕۆوانیش دەهـێـنرانـەوە بـە نـاو دێ و دەدەشـران. کـاتی زەربـووونی شـیـر و ماسـت و سـەرتـۆڕ و کـەرە و پـەنیـر و مـشکـۆژەنیـن و ڕۆن و دێ و تـەراغـە. کـاتی خـەر و بـەر و تـەری و خـۆشی و شـادی خـەڵـکی دیـەکـان بـە تایبـەتی و خـەڵـکی شـاران بـە گـشتیـە.
دوای ئـەوەی کـە شوانـەکـان ڕۆژ و کـاتی مـاڵ لـە کـەڵـەبـەڕەدانیان دیـاری دەکـردن، مـەگـەڵـە مـاڵـەکـانیان بـە ئـەم کـەرنـەڤـاڵـە ئامـادە دەکـردن.. ساڵـانـە لـە دەی گـەڵگـەڵـەی ناوچـەی شوان، پانگـزە بـە بیسـت

شوان بشداریییان لە کەرنەقالی مەڵە لە کەلەبەردان دەکرد.

چەن مەگەلە مەڕکان لە کەلەبەر دەدران؟

لە دەوری داری مەڵە لە کەلەبەردانکەوە، لاوکان و منداڵانی تەماشاکەر دەوەستان، ئافرەتانیش لەسەربانی ماڵەکی نزیکدا دەوەستان. منداڵەکان تەنکەیان بە دەستەوە دەگرتن بۆ تەنکە لێدان، لاوکانیش تفەنگ و دەمانچەکانیان بۆ تەقەکردن ئامادە دەکردن و چاوەڕێی دەست پێکردنی کەرنەقاڵەکەیان دەکرد.
یەکەمین مەگەلە مەڵە لە دووری بیست مەتر لە دووری داربەرەکە دەوەستا. شوانەکان لە پێش مەگەلە مەڕکانیانەوە دەوەستان، مەگەلەکانی کەش بۆ دوای یەکەمین مەگەلەدا ریز دەبوون.. هەر شوانێکیش بەرانێک یا مەڕێکی ئازای دەخستە پێش مەگەلەکەی و لە دوای خۆیەوە. وا رایهێنابوو کە گاڵە لە مەگەلە مەڕەکەی بکات، ئەو بەرانە یا ئەو مەڕە دوای بکەوێت و مەڕەکانی کەش بۆ دوایاندا.
لە یەکەم مەگەلەوە دەست پێدەکرا.
دەستووری کەرنەقاڵەی مەڵە لە کەلەبەردانیش وابوو، کە هەر مەگەلە مەڕێک بۆ ڕاکردن بۆ دوای شوانەکەیدا، بۆ ئەوەی کە لە دەنگی تەنکەلێدانی منداڵان و لە دەنگی تەقەکردنی لاوکان بەئاوڕنەوە، بۆ ژێر دار کەبەرەکەدا ڕەتبن.. گەر ڕەت بوایە و هیچ مەڕێک نەئاوایتەوە، ئەو مەگەلە مەڕە دەرچوو و براوە بوو.. بەڵام ئەو مەگەلە مەڕەی کە لە دەنگی تەقەکردن و تەنکەلێدانی منداڵان بترسایە و بەڕەویایەتەوە و بۆ ڕاکردن بۆ ژێر داری کەلەبەرەکەدا ڕەت نەبوایە ئەوە بۆ دەڵاو دادەنرا.

براوەی یەکەمیش ئەو شوانە بوو، کە مەگەلە مەڕەکەی بۆ خەراترین ماوە، بۆ ژێر کەلەبەرەکەدا رای بکردایە. پیرەزبایی لە شوانی مەگەلی بۆ یەکەم دەرچوو دەکرد و بۆ زەریش تورمەیەکی ڕەنگاورەنگیان پێشکەش دەکرد. شوانەکەش تورمەکەی دەکردە ملی خۆی و زەردەخەنە دەکەوتە سەر لێوکانی و لە خۆشیدا بسکەی سمێڵی دەهات. بە کورتی ئەمە بوو نەریتی (مەڵە لە کەلەبەردان) کە ساڵیی یەکجار دەکرا.

دەی (گەگجە) دوو جار لەلایەنی رژێمی بەعسی عەرەبیی شۆڤێنی و

ڕۆژپەرستەوە، تاڵان کرا و سوتێنراو کاول کرا، گۆگجە یەکێکە لە نزیکەی پێنج هەزار دێی تاڵان کرا و کاول کراو لە باشووری کوردستان. خەڵکی گۆگجە بە زەر گوزرانەوە بە کەمەگای بینجان، چەند کەسانێکیشیان ئێنفال کران. لە ئێستادا هەزار ماڵ دەبن، بەڵام لەم ژمارەیە تەنها دە ماڵ گەڕاونەتەوە و گۆگجیان ئاوەدان کردوونەتەوە.
گەر شۆفێنی عەرەبی بە جاری سیمیش تاڵان و وێرانی نەکەن.. چونکە تا ئەمەش، ئەم رقە ڕەشە و ئەو نیازە گاوییان لە خیاڵە کە ڕۆگ کەشی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردیمان بکەن و ژینەسایەد و ئێنفاڵکی ترمان بکەن. هەمیشە نیاز و پیلان و گاوی داگیرکەرانی کوردستان، ئەوە بووە کە ناسنامەی نەتەوییمان بسڕنەوە.

بە داخەوە بە کاولکردنی دێیەکانمان، نەریتی (مەڵ لە کەڵەبەردان) و چەندین داب و نەریتی ڕەسەنی فەلکلۆریمان کاڵبوونەتەوە یا بە جارە لە یادکراون.. چەند خۆشە کە ئەم داب و نەریتە کوردەواریانەمان بژێنینەوە و نەوەی نوێمان پێیان ئاشنا ببن.

ڕزا شوان
١ی/ئاپریل/ ٢٠١٩

نامەکانی ئیشق ..8… سەردار جاف

هەموو بەیانییەك

16 – ئەم حەزەی من هەر نەبایەوە، ئەم دڵەی من هێندەی ناسڕی و دووری تێی چەشتووە قەتماغەی بریتی هیچ هەتوانێ سارژی ناکا، گۆشەگیربوونم لە تەك ئاوابوونی خۆرا دەسلەمی خەم نایەوە، ئاسێی ڕوون بە نیگای ڕووخسارت سینە و ئەوکی هەشم ئێغری تونی بابای کرد، گرانیەکەی ئەمەلی سەعید کوردەت هێندەی تر شیرینتر و بە تەشویقتر کرد، شتێت بە گوێی گەنجا چرپاند، ئاوێنەی ئاکارەکانت هەنگاوە و پێ حەسرەتی دەروێشبوونی خوێقداری یەکتر کرد، بە ژێی کەنجەکەت

تالییەکانت بە بەستەی بەزمی چەپڵەکرد، تۆ ئەو ژنەی غوباری ڕۆژگار و بوڵبوڵی سبەینان پەییت پێ نابات، دەبییە شەونم و گوڵ پاك دەکەیەوە، دەروونی جوانت بۆنکی شانلن و بە بەیانا پەخش دەبن ، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر

17 – کەی وەرزی بەیانیان لە شەرما ئاسۆی خۆی لە ئاست تۆیا ڕوونکردووە خۆری لە بانژەی زەوی سەرەتاتکی کردووە، کەی خونچە جورئەتی کردووە لە هەمبەر تیشکی ووتا چڕ بکا، کەی گەا جەسارەتی نواندووە و لە خەزانا سەما بکا کە سەمای تۆ عەرش بلەرزێنێ، کەنگێ چنار وەك تۆ بە دەم شنەباوە جوانی لەنجەی تۆی نمایشکردووە، تۆ نەك ژنکی لە مرۆ تۆ دنیایەك سروشتی دلرفێنی، بۆیە بەیانیانم بە تۆوە جوان دەکەم، شیلانەکەم گەر سۆاوی دەم سپێدەم بە شەماڵا ەوان بکەم، ئەوا گومانك لە ئەوین و ئیشقی پەیدا دەکا، گەرەکمە هەموو بەیانییەك روحی مرۆقبوونمان بگۆینەوە لە ئامۆزا قەاچێی رك و کینە بکەین، لە دەنگمانا بەستەیەك بۆ خۆشەویستنی یەك بچڕین، نامەوێ دەنگکی سك بین ، گەرکمە هەست و نەستك بین لە شەققەی باڵی پاساریەك ڕاچەکین و هەناسە ببەخشینە یەك، ژنە جوانەکەم بەیانیت هەنگوینتر و لە گوڵ گوڵتر .

18 بیرت دەکەم ….. پەنجە خەپەکانت لە نۆو ئەقەبەندی پەنجەکانم بلاولاونە، تۆ ژنکی لە فریشتەی پاکی و جوانی و ئەوین و ئیشق و سروشتکی ەنگین، تەمەنك شەیدایی و هگری خۆی بۆت دەنوستەوە، لۆوژم لە ئیشقی پاکیت، بە خەمزەی چاوەکانت دەستنوژی پاکبوونەوە دەگرم، زنەی خەندەی لوەکانت کابەی ئەوینمە بە بەرماڵی قریوەتا هەدەزنم و بۆنی چاو و گەردن و شەدەلاریت بەدەم شنەی مەیلەوە دەدەم، ئەم تریسکەی لەبی شیرینتە سەدای لە شیو و دۆ و چیای ناخما دەزرنگتەوە، دەنگە بەمیلدییەکەت چرکەی میلزمرەکە ادەگرێ تا هیشکە لوی بیستم بە ماچی ئاوازەکانت تەر دەبنەوە، ئەوینم ئەم سپێدە وەك قومرییە سەر باڵ شینەکەی حەسەن زیرەك بە سەر تەنافی نیگاکانتا شۆ بۆتەوە، خەون بە دیدارتەوە دەبینم، شەکەر باری سۆمات نەبات دەبارێنێ و تۆ دەپشکویت و خەرەندێ جوان دەکەی، سۆاو….. بەیانیت بە کنووشی منەوە قەشەنگ و بە دەنگی حەسرەتمەوە ۆشن، بەیانیت ەیحانە و بۆنی من، گوڵەکەم لە گوڵ گوڵتر.

ئەمانیا
11 و 13 و 14 / 3 / 2019

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی لە بەکان بەڕێوەدەچێت

مەنسوور جیهانی ـ


کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی لە لایەن ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک" و ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی "ئاوای زیرەک" لە شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە شاری بەکان بەڕێوەدەچێت.

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی لە لایەن ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک" و ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی "ئاوای زیرەک" لە پێناو پاراستنی مۆسیقای دەسەنی کوردەواریی و بە ئامانجی پەرەپێدان و ناساندنی مۆسیقای دەوڵەمەندی کوردیی و هەروەها زیندووەاگرتنی ئەم جۆرە مۆسیقایە کە بەداخەوە لە مەترسیی لەبیرچوونەوە و لەناوچوونداید و بە مەبەستی دامەزراندنی بنەماکانی هونەریی و کەلتووریی و بەرزەاگرتنی دواین جیل لە مامۆستایانی بلیمەتی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی کاتژمێر 9ی شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە هۆڵی فەرهەنگسەرای سیمورغ لە شاری بەکان بەڕێوەدەچێت.

لەم کۆنسێرتەدا، کۆمەڵێک بەرهەمی هەرمانی مۆسیقای شادی کوردیی بە دەنگی گۆرانیبێژانی کورد "جەعفەر بوغدەداغی"، "عومەر فەرەجی" و "کەریم خاکی" بە هاوەڵیەتی مۆسیقای فۆلکلۆریی ناوچەی موکریان، لە لایەن مامۆستا "عوسمان محەمەدی" ناسراو بە "عوسمانە سوور" ژەنیاریی بۆتوانا و بەرجەستەی ئامێری نەرمەنای، "ئیسماعیل کەچەری" ژەنیاریی بۆتوانا و ناوداریی زەربی کوردیی و "ئەیووب تازە کار" ژەنیاریی داهاتووەوونی ئامێری دیوان پێشکەش دەکرێت.

پارچە مۆسیقا فۆلکلۆریی، گۆرانی و مەقامە هۆسنەکانی کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی بەکان لە دەزگای شوور، مەقامی بەیاتی تورک، گۆشەی شەهناز، دەزگای سێ گاە و مەقامەکانی مۆسیقای ناوچەی موکریان کە بە شێوەی پێکەوژەنین، ژەنینی بوداهەی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی، گۆرانی کوتنی تاکەکەسی و "گۆڤەند لاوژە" یا گۆرانی

کوتن بۆ شۆڕی گرووپی مۆقامۆ تایبۆتۆکانی ناوچۆی موکریان پێشکێش دۆکرێت.



ناوی پارچۆ موزیک و گۆرانییەکانی ئۆم کۆنسۆرتۆ بریتین لۆ: ئۆران، شۆوبۆ، تۆم دۆوی، وارۆ لام، ۆیحانۆ، گریان، بۆهاران، بریندارم، شیرین بۆهارۆ، جۆلسۆ، دڵسۆزان، لۆو ئاکۆی و چۆپکۆ گوڵ.

زۆربۆی ئۆم گۆرانی و پارچۆ موزیکانۆ لۆ سااڵنی ڕابردوودا لۆ لایۆن هونۆرمۆندانی مۆسیقای بلیمۆت و ناسۆنی کوردواریی لۆوانۆ: مامۆستا "حۆسۆن زیرۆک" ئۆفسانۆی بۆوێنۆی مۆسیقای کوردی و

گرانیبژانی ناوداری مسیقای کوردستان لوان: مامستایان "عەلی فەیزی" ناسراو بە "عەلی خەندان"، "عەبدوللا هووشمەند" ناسراو "بە عەبە دەژە"، "ئیبراهیم فەتاحی" و سەید "عەلی رەحیم پوور" ناسراو بە سەید "عەلی سەردەشتی" پشکش کراون.

کۆنسێرتی گۆرانی مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیی بە بەرپرسیاریی و بەرهەمهێنەریی "محەمەد مەعروفی" بەڕێوەبەریی گشتیی ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک"، ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی "ئاوای زیرەک" بە بەرپرسیاریی دکتۆر "ئیبراهیم عوسمانی" و بە هاوکاریی دایرەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری شارستانی بۆکان، ناوەندی هونەریی "نوور و سەدا" بە بەرپرسیاریی "ئەسعەد ئاسیابان" و پشتیوانی میدیایی کەناڵی هەواڵنەریی "بۆکان ئانلاینی موکریان"، کاتژمێر 9ی شەوانی 3 و 4ی ئەپریلی 2019 لە هۆڵی فەرهەنگسەرای سیمورغ لە شاری بۆکان بەڕێوەدەچێت.

ناوەندەکانی فرۆشی بلیتی ئەم کۆنسێرتە بریتین لە: لە نووسینگەی ئاکادیمیای مۆسیقای "زیرەک"، کیووسکی ڕۆژنامە فرۆشی "بەهمەن"، کیووسکی چاپەمەنی "کاریگەر" و فەرهەنگسەرای سیمورغی بۆکان.

ڕەنگدانەوە … ستار ئەحمەد

تروسکەی گیانت وەك نوور دەبارێ
لەسیمای شەنگتا ڕەنگ دەداتەوە
خەزگە تاڵکی برژانگت دەبووم
چۆن لەگەڵ چاوتا ڕژد دەکاتەوە
.....
وردە بەفرکی ناوەخت دابکا
حەز دەکەم ببمە پاڵتەکەی بەرت
نابینی جەستەم چۆن سپی پۆشە
بوومەتە ناوو تابلۆی سەبەرت
.....
ڕاستی هاوارو دەنگی کزەم
لەگەڵ شنەی با بەرگوێت دەکەوێ

موویەکی لەشت نابزوێ و بێی
بڕچی تاوانە کەخۆشم بوێ
.....
خامەت وەك پەنجەت جەفا دەڤژێ
سەدای ناختەو لەسەز بێ بەشە
جەستەت بەردێکە لە بنی گەما
رۆحی تیانییەو تەنها بەس لەشە
.....
خۆت بەشاعیرو نازدار دەزانی
شیعرت گۆستان وشەی مردووە
لەوە بترازێ کەخۆشم ویستووی
گوناهم چیەو چیم لیت کردووە
.....
ستار ئەحمەد

عاشق ... فەتاح حەسەن

یەکتاپەرست، یەك خوداو
عاشقیش، یەك مەعشوقی هەیە
گەر بەوات بەوە نەبە
موتەقەن ئەتە کافری.
**
بەجگە لەتە کەسم ناوێ
ئەرێ تۆ، لەکوێی ؟

بێی خودا کامیانی زیاتر خۆشبوێ
عاشق ومەعشوقەك
یا
حاخامێ، قەشەیەك
پیرێکی زەرادشتی
ئیمامێك

کە،مانای عاشقبوون نەزانە؟!

عاشقی سروشت و گیانەوەرانم
لەنەو هەموو ئەمانەشدا
زۆتر عاشقی مرۆڤم
وەلە، خەم نا.
*

دونە
سەا لە میحرابی عیشقەوە
کەتایی هات.
ئەمە
بانگی خەشویستنت دەدەم.
با نەیاران
گوێی خەیان بئاخنن و
یارانیش بڵێن
لبیك.
ئەگەر گوێ لە سەا دەگری ؟
دەنیاش بە،میحرابی عیشق
ناگەم بە
بەرچنەی ئەشك و حەسرەت.

هەندەك جار،
عیشق، شیعرم پێدەنوسێت
بە شیعر ناچێت،
بڵێام،چیبکەم
ئەمن سەربازەکی بەئەمەکی عیشقم.

عاشقم ،
عاشقی حەقیقەتم
لەپەناو گەان بەدوای حەقیقەتدا

ناچاردەبم
سەر بە گشت کۆمانەکدا بکەم
کۆمانەك : 1
چینی درێ
خشتی درێ هەڵچنراوە.
کۆمانەك : 2
لە بەردەمیا، لافیتەیەك هەڵواسراوە : –
ئەم کۆمانە کوردییە
سەر بەو کۆمانەشدا دەکەم
بەگومان بن کە، گەمژەنیم
ئەز نامووت
حەقیقەت ببینم لە ئاوێنەدا
نە من بتوانم بیگرم
نە ئەو بتوانێ بمگاتێ.
دەمووت، خەم
وەك خودی خەم
لە بە چرکەساتەکیش بە
لەتەك خودی حەقیقەتا
دەست لە ملی یەقین بکەین.

فەتاح حەسەن
دانیمارك/ ڤالبی
2017